# لێدوان
Ledwan

## دوالاپەڕە

ڕیکلام و
ئاگاداریەکانتان بنێرن
بۆ لێدوان بۆ ئەوەی
بە شێوازێکی جوان و
تەکنیکێکی بەرزی
هونەری بلاو بکرێنەوە

بۆ ناردنی ڕیکلامەکانتان پەیوەندی
بکەن بەناو نیشانەکانی لێدوانەوە

## نووقورچە



## مریشکەسوورکراوەکەی عەرەفات

فریادهیرانی
fhirany@hotmail.com

لەکۆتایی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو شاعیران و چیرۆکنووسانی کورد ،گەر شیعرێك یان چیرۆکێکیان نووسیبا و،ناوەرۆکەکەی گوزارشت بوایە لە نیشتمانپەروەری و بۆنی کوردایەتی لێهاتبا ،ئەوا لەترسی تەشقەڵەکانی دامودەزگا داپلۆسێنەرەکانی بەعس لەسەریان ئەنووسی پێشکەشە بە تێکۆشەرو خەباتگێرانی فەلەستین،نەك هەر ئەوەندە لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا زۆر دەق بۆ فەلەستینیەکان و فیدائیەکانی ئەوسای فەلەستین نووسراون.


ئێمەی کورد زۆر ساویلکانە هەڵخەڵەتاین بەوەی کە گەلی فەلەستین هاوسۆزو هاوخەم و هاوکاری گەلی کوردن، بەو پێوەرە سەراوژێرو هەڵەیەی کە هەردوو نەتەوە وەك یەك چەوساوەو داگیرکراون، وەك یەك غەدرلێکراون! کەچی بینیمان لەم ئاخیرو ئۆخرەی تەمەنی رژێمی سەدام ئەیانویست بەشداری لە پلانی بە عەرەبکردنی کەرکوك بکەن، هەزاران فەلەستینی ئامادەکرابوون بنێردرێنە کەرکوك و ناوچەکانیتری کوردستان بۆ جێبەجێکردنی پلانی شۆڤێنیستانەی بەعس!


بەراستی سەیرە نەتەوەیەك لەلایەك خاکی خۆی داگیرکرابێ لەلایەکیتر ئامادەبێت خاکی خەڵکیتر داگیربکا ! مەحمود دەروێشی شاعیری بەناوبانگی فەلەستینیش شتێکی لەسەر کورد نووسی کەچی هێشتا مەرەکەبی بەرهەمەکەی هەر تەڕبوو کە لێی پەشیمان بۆوە! سالی پاریش (ئیسماعیل هەنیە)ی سەرۆکی حکومەتی ئێستای لە کارلابراوی فەلەستین بەبێ موناسەبە شەکرێکی شکاند و هێزی پێشمەرگەی بە چەتەو ڕێگر وەسفکرد، بەڵام بە هۆی گوشارو سەرزەنشتکردنی چرووپری کوردو بەهێزی کورد لە بەغدا ،خستیانە گۆشەیەکەوەو هەرزوو بەناچاری وتی: ناماقولیم کرد پێشمەرگە هێزێکی نیشتمانیە!

با لە هەموو ئەو نمونانە گەڕێین سالی ۱۹۹۱ کاتێ کورەوە ملیۆنیەکەی کورد دونیای هەژاند ودەیان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی راکێشایە سەرسنوورەکانی تورکیا وئێران بۆ یارمەتیدانی ئاوارە ولێقەوماوان،یاسرعەرەفاتی رەحمەتی سەرۆکی پێشووی فەلەستین بەخۆی نەوەستاو تەحەمولی نەکرد وهەقیقەتی خۆی بەرامبەرکورد ئاشکراکرد،لە کۆنگرەیەکی رۆژنانووسیدا ووتی:کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یارمەتی گەلی فەلەستین نادا،کەچی مریشکی سوورکراوە بۆ کوردەکان ئەگەیێنێتە ناو شاخ و دۆڵەسەخت و چرەکانی سنوورەکان!! ئەم نمونانە بەسن بۆ ئەوەی چیتر باوەر بە دۆستایەتی سەرزارەکی و موزەیەفی ئەم و ئەو نەکەین...تا نوقورچەیەکیتر هەرشادبن

## دیاری کردنی شێوازەکانی روخساری فیرعەون توت عنخ ئامون

بۆ یەکەم جار زانایانی میسر و فەرەنسا و ئەمەریکا هەستان بە وێنە کێشانی وێنەیەکی نیزیك بە فیرعەونی لاو (توت عنخ ئامون)ی ۱۳۵٤-۱۳٤٥ بەر لە زاین و دیاریکردنی هۆکاری مردنەکەی . نمونەی دروستکراوی فیرعەونی لاو بە شێوە روخسارێکی هونەری و چەناگەیەکی لاواز و لوتێکی کەمێك لێژ و سەرێکی تاشراوی دەخاتە روو, ئەویش دوای ئەوەی کە زانایان هانایان بردە بەر پەیکەرێکی فیرعەونی ناوبراو کە روخساری ئەوی دەردەخست . دواتر بە پشت بەستن بە نیزیکەی ۱۷۰۰ وێنەی سراوە بە لەرینەوەی موگناتیسی بۆ ئاشکرا کردنی رۆژی کۆچی دوایی کردنەکەی کە بەر لە ۳۳۰۰ سال لەمەو پێش، شێوەی روخساری چۆن بووە ؟ بەمەش ئەوە دەرکەوت کە فیرعەونی لاو تەمەنی ۱۹ سالان بوە و درێژی ۱۵ پێ بووە لە کاتی مردنیدا , بەلام تائێستا چۆنیەتی مردنەکەی ئاشکرا نەکراوە





## دەزگیرانداریێتی مرۆڤ و فیل






لەرووداوێکی سەرنج ڕاکێش و دەگمەندا کچێك شوو بە فیلێك دەکاو لەخۆشیدا فرمێسك دەڕێژێت ئەم ڕوداوە لەوکاتەوە هات کە کچێك بەناوی (لیما) دەیزانی کە (ئۆلیفەر) خۆشی دەوێت و هەر کاتێك مەبەستی بێت دەنێرێت بۆ خوازبێنی، بەڵام ئەوەی چاوەڕێی نەدەکرد، ئەوەبوو کە ئەوەی خوازبێنی دەکات و ئەڵقەی هاوسەرێتی پێشکەش دەکات فیلێکە کێشەکەی (٦) تەنە، کاتێك فیلەکە لە لیما نزیك کەوتەوە کە لە پیاسە بوو لەگەڵ هاوڕێیەکیدا، توشی سەرسامی هات، چونکە لەو کاتەدا فیلەکە لوتی ئاراستە کردو داوای لێکرد ئەو سندوقە بچوکە بگرێت کە ئەڵقەی دەزگیرانی تێدا بوو، هەروەها داوای لێکرد ببێتە هاوسەری. (لیما) بەخۆشحالیەوە پێشنیارەکەی قبوڵ کردو بەگوڕ فرمێسك لەچاوەکانی باری و خۆشحاڵ ئەوە بۆ بوو بەو پێشنیارە چەندەمین جارە هاوسەرگیری لە نێوان ئاژەڵان خۆیان و ئاژەڵ بۆ مرۆڤ حالەتی لەو شێوەیە ڕویداوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی فۆستا
و: ژیلوان

## لە بورجی بیزاش سەیرتر هەیە





ئینسکۆپیدیای گینیس بۆ پێوانە سەیرەکان کەنیسەیەکی ووڵاتی ئەڵمانیای کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ سەدەی پانزەم بە سەیر تر لە بورجی بیزا دەستنیشانکرد کە ژمارەی پێوانەی لار بونەوەی زۆر زیاترە لە بورجی ناوبراو لەم رووەوە ( اولاف کاشنبیکر) سەرۆکی بەشە ئەڵمانیاکەی کتێبی گینیس رایگەیاند: ئەو کەنیسەسە بەرزیەکەی 25،7 مەترە و بە گۆشەی 5،07 پلە چەماوەتەوە لە کاتێکدا لار بونەوەی بورجی پیزا 3،97 پلەیە بۆیە ئەو کەنیسەی ئەڵمانیا پێوانەی ژمارەی لار بونەوەی شکاند چووە ناو کتێبی پر سەراسیمەی گینیسەوە.

سەرچاوە: ئاژانسی رۆیترز

## گونجاندنی ماکیاژ لەگەڵ جلەکانت نیشانەی دەرکەوتنتە بەشێوەیەکی زۆر ڕێك و جوان



و: دیە قادر

### رەنگی پێستت چۆنە؟

ئەگەر رەنگی پێستت رەشە، پێویستە رەنگی کاڵ بپۆشیت وەك و پەمەیی و بێجی و ماکیاژێکی مۆر بەکاربهێنە بەشێوەیەك کاڵ بێت، یان تۆخ و رەنگی قاوەیی کاال، دوور بکەرەوە لە بەکارهێنانی ئەو رەنگانەی زیاتر رەشیت دەردەخەن وەك و رەنگی سوور، قاوەیی تۆخ، سەوزی تۆخ و ئەو ماکیاژانە بەکارمەهێنە کە رەنگت بەلای رەشدا دەبەن وەك سوورو قاوەیی.

ئەگەر رەنگی پێستت سپی یەو چاوەکانت شین یان عەسەلی یان سەوزن، ئەم جۆرە کەسانە دەتوانن هەموو جۆرە رەنگێك بپۆشن و هەموو رەنگە ماکیاژێکیش لە گەڵیان دەگونجێت و باشترە رەنگی کەحلی رەش بەکار بهێنن.

ئەگەر رەنگی پێستت زەردەو قژت سوورە، بە هیچ شێوەیەك رەنگی سوور نە بۆ جل و نە بۆ ماکیاژ بەکارمەهێنە، وا باشە لە بەکارهێنانی رەنگە تۆخەکان دوور بکەویتەوە لەبەرئەوەی ئەو رەنگانە روخسارت ناشیرین پیشان دەدەن.

ئەگەر پێستت زەردەو قژت زەردەو چاوەکانت عەسەلین جلی بێجی بپۆشەو ماکیاژێکی بێجی کاڵ بەکاربهێنە، دووربکەرەوە لە بەکارهێنانی رەنگی زەرد، بۆ ماکیاژی چاوەکانت رەنگی سەوزو قاوەیی بەکارمەهێنە.

## ئەگەر چکلێت نەخۆن قەڵەو دەبن

زانستی توێژینەوە دەریخستوە کە دەست هەڵگرتن لە چکلێت خواردن بە مەبەستی کزبوون، ئێوە قەڵەو تر دەکات بە پێی ڕاپۆرتی دەیلی کەسانێك کە بۆ کزبوون بە یەکجاری دەست لە خواردنی چکلێت هەڵگرن نەك هەر کز نابن بەڵکو بەرە بەرە قەڵەو تریش دەبن .

دەروون ناسان لەو باوەڕەدان کەسانێك کە هەوڵ دەدەن تەنانەت بیر لە چکلێتیش نەکەنەوە، لە ئاکامدا پەنجا لە سەد زیاتر لەو کەسانەی کە وەك خواردنێکی ئاسایی چاوی لێ دەکەن دەیخۆن . توێژینەوەکە لە زانکۆی هێرفۆرت شایری بەریتانیا ، ئەوە دەسەلمێنێ ئەوانەی کە پێیان وایە دەبێ چکلێت نەخۆن تا کزبن دوای ماوەیەك حەزیان دەچێتەوە سەر خواردنی چکلێت و ئەم جار زۆر دەخۆن و لە ئاکامدا قەڵەو تر دەبن . توێژەران لەو باوەڕەدان کە باشترین ڕێگا بۆ کەم خواردنی چکلێت ئەوەیە، کە هەموو رۆژێ بە رادەیەکی کەم بیخۆین تا دوایی ئامەزرۆی نەبن و زۆری نەخۆن .